# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە: لە (مونابەزە - المنابذة) ولە (مولامەسە - الملامسة

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە (مونابەزە - المنابذة) ئەمیش بریتیە لەوەی کەسێک جلێک دەفرۆشێت بە کەسێکی تر پێش ئەوەی کڕیارەکە جلەکە هەڵگێڕێتەوە وسەیری بکات وتاقیبکاتەوە، ونەهی کردووە لە (مولامەسە - الملامسة) کە ئەمیش بریتیە لەوەی کەسێک جلێک بکڕێت یان بیگۆڕێتەوە لەگەڵ کەسێکی تر تەنها دەستی لێبدات بە بێ ئەوەی سەیری بکات وبیپشکنێت وتاقیبکاتەوە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە فرۆشتنێک کە غەرەر (زیان وگومان وشتی شاراوەی) تێدا بێت، چونکە لەوەیە ئەم جۆرە فرۆشتنە زیان بە یەکێک لە دوو لایەنی گرێبەستەکە بدات ئەمیش بە هۆی بوونی نادادپەروەریەک (ستەمێک) لە فرۆشتنەکەدا. لە کاتێکدا ئەم غەرەرە ڕوودەدات ئەگەر شتومەکەکە نەزانراو (ناڕوون) بێت بۆ فرۆشیارەکە یان کڕیارەکە یان هەردوویان. لێرەدا باسی (مونابەزە - المنابذة) کراوە؛ کاتێک فرۆشیار جلێک (شتومەکێک) دەفرۆشێت ونرخەکەی وەردەگرێت وگرێبەستەکە ڕوودەدات بە بێ ئەوەی کڕیارەکە سەیری جلەکە بکات وتاقیبکاتەوە. بە هەمان شێوە (مولامەسە - الملامسة) نەهی لێکراوە کە ئەمیش بە هەمان شێوەی ئەوەی پێشووە بەڵام لێرەدا کڕیار تەنها دەست لە جلەکە (شتومەکەکە) دەدات وسەیری ناکات ونایپشکنێت وتاقی ناکاتەوە. ئەم دوو جۆرە فرۆشتن وکڕینە جێگای گومان وفێڵن بۆیە نەهیان لێکراوە چونکە شتومەکەکە دەفرۆشرێت بە بێ بەدەستهێنانی سوودێک بۆ کڕیارەکە. ولەوەیە هەردوولا زیان یان قازانج بکەن بۆیە ئەمیش دەچێتە نێو بابەتی (قومارەوە) کە لە شەریعەتدا حەرامکراوە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee